# لێکۆڵینەوە ورِوونکردنەوەی زۆرێک لەبابەتەکانی حەج وعومرە وزیارەت

## بەشی : حوکمی حەجی منداڵی بچووک ئایا جێگای حەجی ئیسلامی بۆ دەگرێتەوە

التحقيق والإيضاح لكثير من مسائل الحج والعمرة والزيارة

فصل : في حكم حج الصبي الصغير هل يجزئه عن حجة الإسلام

< Kurdish - كردي - کوردی >

سەماحەتی شێخ عبد العزيز بن باز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت )

سماحة الشيخ عبد العزيز بن عبد الله بن باز (رحمه الله )

وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

## لێکۆڵینەوە وڕوونکردنەوەی زۆرێک لەبابەتەکانی حەج وعومرە وزیارەت

## بەشی : حوکمی حەجی منالّی بچووک... ئایا جێگای حەجی ئیسلامی بۆ دەگرێتەوە

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەلاّت وسەلام بۆ سەر محمدی کوڕی عەبدولاّ و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

ئازیزان وخۆشەویستان لەم ووتارەدا باسی حوکم وچۆنیەتی حەجی کوڕ وکچی منالّ دەکەین، جا ئەو منالاّنە لە تەمەنی ( تەمییز ) دا بن، یان نەگەیشتبنە ئەو تەمەنە، ئەم ووتارە سێ بابەت لەخۆ دەگرێت، بابەتی یەکەم : حەجی کچ وکوڕی منالّی بچووك ڕاست ودروستە، بابەتی دووەم : حەجی کۆیلە وکەنیزەك، وکوڕ وکچی منالّ، جێگای حەجی ئیسلامیان بۆ ناگرێتەوە، بابەتی سێهەم : چۆنیەتی ئەنجامدانی حەجی کوڕ وکچی منالّی بچووك .

### بابەتێک : حەجی کچ وکوڕی منالّی بچووک ڕاست ودروستە :

حەجی کچ وکوڕی منالّی بچووك ڕاست ودروستە، چونکە لە فەرموودەیەکی صەحیدا کە ئیمامی موسلیم لە عەبدوڵای کوڕی عەباسەوە ( خوایان لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی کردووە هاتووە: { أن امرأة رفعت إلى النبي – صل الله عليه وسلم – صبياً فقالت: يا رسول الله، ألهذا حج؟ فقال ": نعم، ولك أجر " } (1) .

واتا : ئافرەتێك هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا ( صلى الله علیه وسلم ) منالّێکی پێ بوو بەرزی کردەوە وپێی ووت : ئەی پێغەمبەری خوا ( صلى الله علیه وسلم ) ئایا ئەم منالّە دەتوانێت حەج بکات، یان ئەم منالّە حەجەکەی دروستە ؟ ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی : بەڵێ، تۆیش پاداشتت بۆ هەیە .

(1) موسلیم لە (کتاب الحج، باب صحة حج الصبي) بە فەرموودەی ژمارە (1336) ڕیوایەتی کردووە .

لە صەحیحی بوخاریشدا هاتووە : سائبی کوڕی زەید ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە ودەڵێت : { حُج بي مع رسول الله – صلى الله عليه وسلم – وأنا ابن سبع سنين } [1] .

واتا : کاتێك تەمەنم تەنها حەوت ساڵ بوو، لەگەڵ پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) حەجم پێکرا .

**بابەتێک : حەجی کۆیلە وکەنیزەک، وکوڕ وکچی مناڵ، جێگای حەجی ئیسلامیان بۆ ناگرێتەوە .**

بەڵام دەبێت ئەوە بزانین حەجی مناڵ جێگای حەجی فەرزی ئیسلامی بۆ ناگرێتەوە و ئەو حەجەی لەسەر ناکەوێت، بۆیە کە باڵغ بوو، وە دەسەڵات و توانای هەبوو، دەبێت حەجی فەرزی ئیسلام بکاتەوە .

بە هەمان شێوە حەجی کۆیلە و کەنیزەکیش ڕاست ودروستە، بەڵام جێگای حەجی ئیسلامیان بۆ ناگرێتەوە، بۆیە کاتێك کە ئازاد کران و کۆیلایەتیان بەسەرەوە نەما، دەبێت حەجی فەرزی ئیسلام بکەنەوە، لەم بارەیەشەوە عەبدوڵای کوڕی عەباس (خوای گەورە لە خۆی وباوکی ڕازی بێت ) ڕیوایەتی کردووە کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { أيما صبي حج ثم بلغ الحنث فعليه أن يحج حجة أخرى، وأيما عبد حج ثم أعتق فعليه حجة أخرى } [2] .

واتا : هەر مناڵێك حەجی کرد وپاشان باڵغ بوو، ئەوە واجبە لەسەری کە جارێکی تر حەج بکاتەوە، وە هەر کۆیلەیەکەیش حەجی کرد، وپاشان ئازاد کرا، ئەوە واجبە لەسەری حەجێکی تر بکاتەوە .

**بابەتێک : چۆنیەتی ئەنجامدانی حەجی کوڕ وکچی مناڵی بچووک :**

پاشان دەبێت بزانین : ئەگەر هاتوو مناڵێك کە تەمەنی نەگەشتبووە ئاستی (تەمییز) جا کوڕ بێت ئەو مناڵە بچوکە یان کچ، ئەوە وەلی ئەمرەکەی لە (باوك وبرا

(1) بوخاری ڕیوایەتی کردووە، لە ( كتاب الحج ، باب حج الصبيان ) بە فەرموودەی ژمارە (1858) ڕیوایەتی کردووە .
(2) بەیهەقی لە ( السنن الكبرى ) لە ( كتاب في الحج في جماع أبواب دخول مكة، باب حج الصبي يبلغ والمملوك يعتق والذمي يسلم) بە فەرموودەی ژمارە (9865) ڕیوایەتی کردووە، وە ابن أبي شيبة يش لە ( المصنف ) هێناویەتی (354/3) .

وكەسە گەورەكانی) لەبری ئەو نیەتی بۆ دەهێنن، وە هەموو جلوبەرگێكی دوراوی لەبەر دادەكەنێت، ولەبری ئەوە دەڵێت ( لبيك اللهم حجا ) یان ( لبيك اللهم عمرة ) دەڵێ، بەمەش ئەو منداڵە دەچێتە ناو ئیحرامەوە، ئەو شتەی لەسەر ئیحرام بەستێكی گەورە قەدەغە ویاساغ دەبێت لەسەر ئەویش قەدەغە ویاساغ دەبێت، وە پێویستە ئەم منالانە خۆیان وجلوبەرگیان پاكوخاوێن بن ودەست نوێژیان هەبێت لەكاتی تەواف كردندا، جا پشتە ماڵ و دەردامێنی كوڕەكە بێت، یان جلوبەرگی ئاسایی كچەكە بێت، لەبەر ئەوەی تەواف كردن وەك نوێژ كردن وایە، دەست نوێژ هەڵگرتن و پاكوخاوێنی جلوبەرگیش مەرجی ڕاست ودروستی نوێژە.

خۆ ئەگەر هاتوو ئەو كوڕ وكچە منالە لە تەمەنی ( تەمییز ) دا بوون، بە ئیزن ومۆڵەتی وەلی ئەمر وگەورە ولێپرسراوەكانیان ئیحرام دەكەن ونیەت دەهێنن، وە لەكاتی ئیحرام بەستندا، هەموو ئەو كارانە دەكەن كە كەسێكی گەورەی ئیحرام بەست ئەنجامی دەدات، لە خۆشتن وبۆنی خۆش لەخۆدان وشتی تریش، دواتر وەلی ئەمرەكانیان: باوكیان بن یان دایكیان یان هەر كەسێكی تریان بن، لێپرسراوی كارەكانیانن وكارەكانیان بۆ ڕادەپڕێنن و ئاگاداریان دەبن، خۆ ئەگەر نەیانتوانی یەكێك لە واجبەكان ئەنجام بدەن، وەك ڕەمی جەمەرات وهاوشێوەكانیان، ئەوا وەلی ئەمرەكانیان لەبری ئەوان بۆیان ئەنجام دەدەن، غەیری ئەو واجبانەش كە وەكالەت وبریكاری تێدا دروست نیە لە ئەركان ومەناسیكەكانی تر، دەبێت منالەكان خۆیان ئەنجامی بدەن، وەك وەستان لە عەرەفە و مانەوەی لە مینا و موزدەلیفە و تەواف كردن، هاتوچۆی نێوان صەفا ومەروە، وە ئەگەر هاتوو نەیانتوانی تەواف وسەعی نێوان صەفا ومەروە بكەن، ئەوا هەڵیان دەگرن بە باوەش بێت یان بەكۆڵ وتەواف و سەعیان پێدەكرێت، بەلام باشتر وایە كاتێك هەڵیان دەگرن بۆ تەواف و سەعی نێوان صەفا ومەروە، تەواف و سەعی خۆشیان یەك نەخەن لەگەڵ هی ئەواندا، بەڵكو نیەت بۆ ئەوان بهێنن، دوای كە لێ بونەوە لە هی ئەوان، تەواف و سەعی نێوان صەفا ومەروە

بۆ خۆیان سەربەخۆ بکەن، ئەمەیش وەك ئیحتیاطیك لە عیبادەتدا ڕەچاو کراوە، وە لەبەر ئەو فەرموودەیەش کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : {دع ما يريبك إلى ما لا يريبك }[1] .

واتا : واز بهێنن لەو شتانەی کە گومانتان تێیاندا هەیە، وە بچن بۆ شتانێك کە بێ گومانن تێیاندا .

وە ئەگەر ئافرەتێکی سکپڕ نیەتی تەواف و سەعی نێوان صەفا ومەروەی بۆ خۆی و بۆ کۆرپەکەی ناو سکیشی هێنا، لەسەر ڕای پەسەندتر دروستە وجێگای بۆ دەگرێتەوە، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) کاتێك ئەو ئافرەتە پرسیاری لێکرد دەربارەی حەجی منداڵەکەی، فەرمانی پێ نەکرد کە تەوافێکی تایبەت بەو منداڵەکە بکات، چونکە ئەگەر بهاتایە واجب بوایە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئەوەی ڕوون دەکردەوە. خوای گەورەش پشت وپەنای هەمووان بێت .

کوڕ وکچی منالی ( مومەیەز ) پێش دەست کردن بە تەواف فەرمانیان پێدەکرێت کە خۆیان پاك بکەنەوە لە هەموو جۆرە پیسیەك و دەست نوێژ هەڵبگرن، وەك هەموو کەسێکی تری گەورە کە ئیحرام دەبەستێت، دەبێت ئەوەش بزانین کە ئیحرام بەستن ونیەتهێنان بۆ کوڕ وکچی منالی بچوك واجب نیە لەسەر وەلی ئەمرەکانیان، بەڵکو سونەتێکە لە سونەتەکان، ئەگەر هاتوو ئەوەیان کرد إن شاء الله پاداشتی لەسەر وەردەگرن لای خوای گەورە، خۆ ئەگەر هاتوو وازیان لێهێنا و نەیانکرد گوناهبار نابن، خوای گەورەش زاناترە ..

[ لە کۆتاییەوە لەخوای گەورە دەپاڕێینەوە حەجی حاجیانی هەموو جیهان گیرا بکات بە تایبەتی حاجیانی کوردستان، وە حەجەکەیان بگێڕێت بە حەجێکی مەبرور،

(1) تیرموذی لە ( کتاب صفة القيامة، باب ماجاء في صفة أواني الحوض) بە فەرموودەی ژمارە (2518) ڕیوایەتی کردووە، هەروەها نەسائی لە (کتاب الأشربة، باب الحث على ترك الشبهات) بە فەرموودەی ژمارە (5711) لە حەسەنی کوڕی عەلیەوە ڕیوایەتی کردووە .

که پاداشتەکەی لای خوای گەورە ومیهرەبان تەنها بەهەشتی نەبڕاوە و هەتا هەتاییە.

خوایە ئەم نزا وپاڕانەوەمان لێ گێرا بکەیت، اللهم امين يارب العالمين] وەرگێڕ .

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم .